کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# چەند مرواریيە شیعرێك:

زیاد نادر عاڵلایی
zyadnadr@yahoo.com

## هیچ نامکوژێ، عیشقت نەبێ !

هیچ نامکوژێ،
عیشقت نەبێ،
بیرت نەچێ،
بۆ کوێ بڕۆی،
شنەی هەناسەم، وەکو سێبەر لەگەڵتایە..
بێ چاوی تۆ، چاوی شیعرێکم هەڵنایە..
بیرت نەچێ،
بۆکوێ بڕۆی ،
شاعیرێك هەر خۆشی دەوێی و
بۆ عەشقت دەمری و دەژی..
گەڵا گەڵا هەڵوەرێی
لە پایزی تەمەنی مندا ،
هەر جوانترین گوڵی کەژی!!

2006/8/13

* * *

## فەرمانڕەوا

**گەر ببمە فەرمانڕەوای هەر حەوت کیشوەر،**
**کۆمەڵێ شت ڕیشەکێش دەکەم،**
**درۆ..**
**دڕندەیی..**
**شەڕوکوشتار..**
**جەوری زۆردار..**
**ئەوەی ڕێگە دەدەم هەمیشە بمێنن..**
**نازو پێکەنینی ژنە،**
**چونکو مژدەی ژیانی نوێ دێنن.**

14/ 11/ 2002 **پێنج شەممە**

------------------------------------------------------------

# ژن وگوڵ

نەوگوڵە بەهاریو

ژنێکی لە گوڵەکە ناسکتر گەیشتنە یەک،

هەریەکەو ئەفسانەی جوانیو دلاوایی خۆیان ئەگێڕایەوە

لەپڕ شاعیرێکی قوباد ئاسا،

لەبەر دەمی هەردووکیانا هەڵتووتا،

گووتی:

ژن گوڵەو گوڵیش ژنە..

کە ژن گوڵ بێو گوڵیش ژن بێ،

گەمژەییە ئا ئەم بەراوردکردنە.

2006 /1 /19